# تکایه ئێسکی 300 مرۆڤی ئەنفالکراوی بێ لایەن مەکەن بە سۆپەر مارکێت و مەزاری بازرگانی!

### وەزیری کاروباری ئەنفال و شەهیدان، شەرم بتانگرێت بێنەخوارەوە لە پۆستەکانتان!

ئاسۆ بیارەیی/17-6-2007 سوێد

ڕەخنە

بازرگانی بە کەرکوک و ناوچە کوردیە داگیرکراوەکان تەواو بوو، تا پارەی لە سەر وەربگیرێت، ئێستا نۆرەی بازرگانی بە ئێسکی 300 ژن و منداڵ و پیاوی ئەنفالکراوە، کە ماوەیەکە دەسەڵاتی بە عەرەبووی نەزۆک و دۆگمی کوردی ، بێ ڕێزیان پێوە دەکات و لە نەخشە دایە، مۆنمێنتێکیان بۆ بکات تاکو هێندەی تر ئارەزووی بازرگانی خۆی تێر بکات. خوزگە ئەو مۆنێمێنتانە قازانجی بۆ ئەو قوربانیانە دەبوو، بەڵام بە داخەوە دەچێتە ناو گەنجینەی بنەماڵەوە.

ئەو ڕووداوە لە هەر وولاتێکی تر، لە کوردستانی گورگ بەدەستان ڕوی نە دایە، ئێستا ئەو دەسەڵاتدارانە ڕیسوا و شار بەدەر دەکران. دەبوو چنار سەعد عەبدولا و ئەو بەرپرسانە لە ئاست ئەو مەسەلەیە وازیان لە پۆستەکانیان بهێنایە، کەچی بە پێچەوانەوە، بەرگریش لەو هەڵوێستە چەوتە دەکەن کە سەرکردە نەخوێندەوارەکانیان نەخشەیان بۆ داناوە.

بەداخەوە، هەر وەکو چۆن ڕژێمی داگیرکەری عەرەبی عێراق لە ساڵی 1988 ئەنفالی کوردی باشووری کرد و ئابڕوی نەتەوایەتی کوردی نەهێشت، کەس نەی دەوێرا بڵێت کوردم و خەریک بوو کێشەی کورد لە باشوور دەسڕایەوە و تەعریب بەهێزبوو. ئاواش پارتی یەنک و هێزە هاوپەیمانەکانیان، سووکایەتیان بە ناسنامەی نەتەوایەتی کرد و خۆێنی هەزارەها شەهیدیان ئەتک کرد و بازرگانیان پێوە کرد. هەر لە دروستکردنی سۆپەر مارکێتی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە و گەرمیان تا سووکایەتی کردن بە یەکگرتوویی خاکی باشووری کوردستان.

ئەو هێزانە هەست و ناسنامەی نەتەوایەتی خەڵکیان لە باری برد و کردیانە دیلی چەند ڕەنگێکی پەڕۆی سەر مەزارەکانیان. پاوەن کردنی گەلی کورد بە هەستی پارتایەتی و بەستنەوەی بەڕۆحی سەرکردەی پەککەوتە و مردوو، نەک شەهیدبوو، ووزەی شۆڕشگێڕی لە مێللەتدا کوشت و هوشیاری نەهێشت. بۆیە دەبوو ئێستا جەماوەر بڕژایەتە سەرشەقامەکان و هەموویانی ڕیسوابکردایە..بەڵام دوور نیە ئەگەر وا بڕوات سبەی حەماسەکانی کوردستان دار و بەردیان لێ بکەن بە ئاگر و بەدەردەکەی ڕێکخراوی فەتحیان بەرن.

فرێدانی ئێسکی 300 کەسی ئەنفالکراو لە نێو کۆمەڵێک نایلۆنی ڕەش و سووکایەتی پێ کردنیان، نیشانەی ئەوەیە کە پدک و ینک وەکو کاڵایەک سەیری گیانی ئەو مرۆڤانە دەکەن، کە سەردەمێک ئەو خەڵکە هەژارە خزمەتی ئەوانی بەدڵ و بە گیان دەکرد.

له هیچ وولاتێکی دونیا دەسەلاتێک نیە، کە  جیاوازی لەناشتنی هاولاتیانیدا دروست بکات، بێجگە لە دەسەلاتە بنەماڵییەکەی پدک و ینک، کەیەکەمیان جوانترین کۆنسەرتی ماتەمینی بۆ بەرزانیە ئەنفالکراوەکان کرد، چونکە پێش ئەوەی کوردبن ڕۆڵەی بنەماڵە بوون، ئەوەی دووەمیشیان، کۆنسیرتەکە مامەیارەی سلێمانی، کە تا ڕۆشن دەبێتەوە کارەبای لێ نابڕێت و خەڵکی شاریش بێ کارەبایە.

دڵنیام بەیانێکی زوو ئەگەر هەر فەریکە دەسەلاتدارێکی گەندەڵی ئەمڕۆ کە  هێشتا ڕێزی ناسنامەی نەتەوایەتی و گەلی کورد فیرنەبووە ، مرد، شانۆیەکی لە گڵۆپی ڕەنگاو ڕەنگ لە سەر گۆڕەکەی دادەگیرسێت و سالانە شێوەنە یادی بۆ دەکرێتەوە.